# چێشتە مجێورنامەی نووسەرو ڕۆژنامەوانانی سۆران

**رەقیب رسول**

هەژار موکریانی سەبارەت بەناونانی پەرتوکی خۆی چێشتی مجێور دەڵێت : زەمانی منداڵیم دامودەستور لەگوندی موکریان وابوو، رۆژی جەژن هەموو پیاوی کە یخودای ماڵ دەبوایە دوای خوتبەی جێژنو نوئژی جێژن تێردەمو فلچی یەکتر ماچکەنو سلاوەتی نە شیعری کوردی لێدەن، ئەمجار بەرێزدا نیشنو لەماڵە خۆیانەوە نانیان بۆ بێننو دانیشن پێکەوە نانی جێژنە بخۆن دەوڵەمەندو حالخۆشەکان پلاوی برنجو قەیسی یان گۆشتاویان بۆ دەهات، هیوا هەبو فەقیر بوو پلاوێ بروێش یان زۆر شیوی فەقیرانەیان هەبوو ئەو هەموو جۆرە خواردنانە لەتەنیشت یەك دادەنرانو هەموو پێکەوە لەنانی هەموانیان دەخوارد مجێوری مزگەوت مەنجەڵێکی خۆی دێنا هەرچی بەرماوی ئەو خەڵکە بوو بەسەریەکی دادە کردو ئەمەش جێژنانەی ئەو بوو، کە ناوی نرا بوو چێشتی مجێور تێکەلاوێکی سەیربوو.

سەرەتا کە گوێبیسی ئەوەبووم نووسەرو رۆژنامەوانانی سۆران بەیاننامەیەکیان نووسیووە لەدژی مامۆستایانی ئاینی بەپەلە پروسکێ خۆم گەیاندە هەفتەنامەی زاری کرمانجی ژمارە (٢٧٥) کە لەلاپەڕەی یەکەمی بە مانشێتێکی گەورەی نوسیوە (نووسەرو رژنامەوانانی سۆران مامۆستایانی ئاینی بەمەترسی دەزانن بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان) دوا بەدوای خوێندنەوەی بەیاننامەکە، چێشتی مجێوری مامۆستا هەژارم هاتەوە یاد کە جۆرێك لەتێکەڵو پێکەڵەیەکی ئەتۆی لەنێوخۆدا گرتبوو مەگەر پێناسە کردنی هەژار موکریانی نەبێت بۆ چێشتی مجێور ئەگینا بە هیچ شتێکیدا ناوەرۆکی بەیاننامەتیتاڵو پیتاڵەکە وێنا ناکرێتو رون نابێتەوە هەر بۆ ئەم مەبەستە ویستم لەسەرەتادا ئەو چەند دێرەی موکریانی بۆ چێشتی مجێوری نووسیوە لەدسپێکی نووسینەکەمدا وەکو خۆی بنووسم بۆ زیاتر وێناکردنی راستێنەی نێوەرۆکی چێشتەنامە تێکەڵو پێکەڵەکە روداوێکی زۆر سەیرو سەمەرەم هاتە وەبیر نەخۆشێك دەچێتە لای پزیشكو دەڵێت: نەخۆشی لەبیرچوونەوەم هەیە، شتم لەیادنامێت. پزیشك دەست دەداتە قەڵەمو چارەسەری نەخۆشی لەبیر چوونەوەی بۆ دەنووسێتو پێ دەڵێت. ئەو عیلاجانە بۆ نەخۆشیەکەت وەربگرە نەخۆشەکە دەڵێت، کام نەخۆشی! بەواتای ئەوەی خودی نەخۆش نەخۆشی خۆشی کە بۆ پزیشکی باس کردووە لەیادی نامێنێت! ئەگەر ئەو کۆمەڵە نووسەرە نەخۆشی لەبیرچوونەوەیان نەبێت چۆن لەلایەك باسی ئازادیو دیموکراسی دەکەن، کە لەکوردستاندا بوونیان هەیە لەلایەکی دیکەوە دەیانەوێت دەمی خەڵکی ببەستنو رێگەیان پێ نەدەن قسە بکەن. هەموو کەسێکیش دەزانێت کە قسە کردن یەکێکە لەمافە سەرەتاکانی ئازادیو وەك هەڵمژینی هەناسە وایە بۆ مرۆڤ قسەکردن ئازادیە، رێگەگرتن لەوەی کە مەلایان هەرکەسێکی دیکە قسە نەکات دیکتاتۆریە، بابزانن ئەو نووسەرە بەرێزانە چی دەڵێن، سنوورێك لەبەردەم ئەو گوتارەدا دانە نێن، سنوردانان بەمانای ستادنەوەی ئازادی، رێگەگرتن لە دەربرینی رای جیاواز، دەست گرتن بەدەمی خەڵکیو تۆقاندنیان ئەی ئازادیو دیموکراسی مانای ئەوە ناگەینێت هەر کەسەو قسەی خۆی بکاتو بیرو باوەری خۆی دەربریت؟ بۆ مامۆستایانی ئاینی کورەی ئەتۆم دروست دەکەن تاکو بەمەترسیان بزانن بۆسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان؟! ئێوە دەخوازن دیکتاتۆری بسەپێنن، مامۆستایانیش دەیانەوێت ئازاد بن، کێ مەترسی بۆ سەر هەرێم زیاترە؟ یانیش لەوە ئەترسێن ئەگەر خەڵك توانی بەئازادی قسە بکات رووی راستە قینەی ئێوە بەدیاربێخنو بەرژەوەندیتان بلە قێتو مەترسی گەورەی بۆ پەزی بەرێزتان هەبێت، بانێکەو دوو هەوایە ئێوە کام ئازادیتان مەبەستە؟ دەتانەوێت بەناوی ئازادی، خەڵك بێدەنگ بکەن یانیش دەتانەوێت دیکتاتۆریەتی خۆتان لەنێو پەرۆکی بەناو ئازادی لوول بدەنو پێشکەشی ئێمەی بکەن؟ نووسەرانی بەیان نامەکە نە تەواوی لەواتای ئازادیو دیموکراسی گەیشتون، نە لەمانای دەم بەستنو رێگە گرتن لەقسە کردن، دیکتاتۆریەت ئەگینا قەت رێیان بەخۆیان نەدەدا دوا بەدوای ئازادیو دیموکراسی باسی سنوور دانانیان بۆقسەکردن نەدەکرد! مەگەر مامۆستایان لەئێوە چونەتە سەنگەرو چەکیان کردۆتە شان ئێوە ئەوەندە لەبەرامبەریاندا تۆقینو هەست بەمەترسی دەکەن، یان تەنها دەتانەوێت بیروباوەری خۆیان بەئازادی دەرببڕن؟ ئەگەر بۆ ئێوە رەوا بێت قسە بکەن بۆ چسپاندنی تۆتالیتاریەت، بۆچی بۆئەوا نیش رەوا نەبێت بیروڕای خۆیان دەرنەبڕن بۆبەر قەرارکردنی ئازادیو رزگاربون لەو دۆخەی ئێوە زورنا ژەنی لەناوبردنی دەنگی ئازادن؟!

لەبەیاننامەکەدا هاتووە: دەسەڵاتێك ئەگەر بریاری داوە یاسا سەروەر بێت چۆنو بەچ لۆژیکێك باسی ئەوە دەکەنو دەلێن: چ یاسایەك مافی بەمەلاو دەزگاگەلی ئاینی داوە رۆژنامە دابخەنو رۆژنامەنوس ناچار بەهێنانەوەی عوزرخواهی بێت لەسەر دابەزاندنی شیعرو چیرۆکێکی ئیرۆتیکی؟ لەلایەك لەدژی یاسا قسەدەکەنو بە یاسا سەروەری خۆیان رازی نین، کە دەڵێن بریاردراوە یاسا سەروەربێت ئایا سەروەری یاسا ئێوە چۆنی راڤەدەکەن؟ هەر دەڵێی ئەوان مەبەستیانە بڵێن موشەریعی یاسا دانان لەکوردستاندا مەلاکانن، ئەرێ بەراست دەتانەوێت چی بڵێن: ئەوانەی ئێوە تەپڵی بۆ دەکوتن ئەو یاسایەیان دانەناوە؟ قسەکانیان نە لەیەکتر دەچن نەدژی یەکترن توتی ئاسا نەقڵی قسەی خەڵکی دەکەن بەبێ تێگەیشتن لەمەدلولی وشەکە، بەدوای دارێك دەگەرێت نەخواربێت نەراست ئەو دارەش لەمێشکی ئەواندا نەبێت لەهیچ شوێنکی ئەو دونیایەدا ناروێتو بونی نییەو نابێت!

جارێکیان ئێژن: خەڵکی خواناسو موسڵمان لەنووسەرو روناکبیرو هونەرمەندان جارێکیدیکە دەڵێن: ئەگەر دەسەڵاتێکی دیموکراسیو عەلمانی بێو رێز لەمافەکانی مرۆڤ بنێو یاسا سەروەربێت دیارە مەبەست بە نووسەرو روناك بیرخۆیانن کە خۆشیان دان بەوە دادەنێن موسڵمانو خواناسن، ئەی پێم نالێن ئەگەر ئەوەندە خواناس بن چۆن ئێوە عەلمانیەتو دیموکراسیتانْ پێ قبوڵە، توخوا پێم نالێن موسڵمانەتی مانای چییە؟ ئەی عەلمانی چی واتایەك هەڵدەگرێت؟ ئێوە بۆ خۆشتان دژی بیرو باوەری خۆتان قسە دەکەن هەڵوێستێکی رونتان نییە نەدیارە موسڵمانی راستەقینە بن نەعەلمانیەتی راستەقینە بەڕاستی قسەیەکی گەلێك سەیرە لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە دەڵێن: هەمووممان لەسەر ئەوە کۆکین ئاین یەکێکە لەپیرۆزیەکانی خەڵك، زۆرینەی هەرەزۆری کوردیش موسڵمانن وەك ئەوەی کۆکیشین کە دەبێ رێز لەو بەهائاینیەی خەڵك بگیرێ، دواتر ئەوەیان لەبیر نییەو لەکۆتایی بەیاننامە کرچو کاڵەکەدا دەنوسن: دەبێ دەسەڵات شەرم لەوەنەکات پیاوی ئاینو ئاین خۆیشیو گوتارەکەی بباتەوە شوێنی خۆی، لەڕاستیدا ویستم تاوتوێی برگە برگەی بەیاننامەکە بکەمو هەڵی سەنگێنم، بەڵام لەبەر بێ هێزی ناوەرۆکەکەی بەپێویستم نەزانی زیاتری لەسەر بدوێم ئەگینا زۆرتر لەوە هەڵدەگرێت کە باسم لێوەکردووە.

**تێبینی: ئەم بابەتەم دوو جار بۆ خودی رۆژنامەکە (رۆژنامەی زاری کرمانجی) نارد، بەڵام دیارە لەبەر ئەو ئازادی بیروڕایەی رۆژنامەکە بانگەشەی بۆ ئەکات بە پێویستیان زانی بابەتەکە بلاو نەکەنەوە!**

# سوودەکانی لێخۆشبوونو داوای لێبووردن کردن

**مەلا نوزاد گەردی**

(الاستغفار): بریتییە لە داوای لێخۆش بوون کردن لەخوای گەورە لەو گوناه و تاوانو سەرپێچیانەی کە مرۆڤ رۆژانە تووشی دەبێت ئەنجامی دەدات، مرۆڤی باوەڕدار پێویستە هەست بە پەشیمانبوونەوە بکاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خواو دەست لەتاوانو گوناه هەڵگرێ، لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەکورتی بەکوردی چەند فەزڵو سوودێکی داوای لێخۆش بوون (الاستغفار) بکەم:

١- ئیستیغفار دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهەکانو پاکبونەوەمان لە تاوان خاوێنبونەوەی دەرونمان:خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ) واتا: ئەوانەی کە گوناه ئەنجام دەدەن یان ستەم لەنەفسی خۆیان دەکەن بیری گەورەییو میهرەبانی خوا دەکەنەوە، هەر زوو داوای لێخۆشبون لە خوادەکەن جا کێ هەیە کە وەکو خوا لە گوناهان خۆشبێت جگە لەخوا؟ بەمەرجێك ئەوان لەسەر گوناهو تاوانەکانیان بەردەوام نابن چونکە تێدەگەن کە ئەوە تاوانەو قەدەغەیە.دا دەزانن (ئەوە تاوانە)، ئیستیغفار تەنها بۆ ئەو کەسانە نییە کە تاوانبارن بەڵکو ئەوانەش کە هەست بکەن کەموکورییەکی لەژیانیدا هەیە، بۆیە هیچ کەس لەئیستیغفار بێنیازنیە چونکە هەمو نەوەی ئادەم هەڵە دەکات وەکو پێغەمبەر(د.خ) کە گەورەی هەمو مرۆڤایەتیەو پێشەوای گشت پێغەمبەرانە کەچی دەفەرمووێت (ئەی خەڵکینە بگەڕێنەوە بۆلای خواو ئیستیغفار بکەن، ئەوا من رۆژانە حەفتا جار یان سەد جار تەوبە دەکەمو ئیستیغفار دەکەم)، وە لەبارەی گەورەیی داوای لێخۆشبون پێغەمبەر(د.خ.) ئەفەرموێت: هەر کەس بلێت (استغفر الله الذي لا اله الا هو الحي القيوم واتوب اليه) خوای گەورە لەگوناهەکانی خۆش دەبێت.

٢- وەسوەسەکانی شەیتان پووچەڵ دەکاتەوە بیرو نەخشەو پلانی مرۆڤ دەپارێزی لەدەستێوەردانی شەیتان، وەکو قورئان فەرمانمان پێدەکات کە پەنابگرین بە خوا لەشەیتانو وەسوەسەکانی لەسورەتی ئەلناس ئەویش بەهۆی یادی خواو ئیستیغفار دەبێت، چونکە شەیتان واز لە مرۆڤ ناهێنێ تا گیان لەلاشەیدا مابێت وەکو لە فەرموودەشدا هاتوە کە ئەبو سەعیدی خودری ڕیوایەت دەکات پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ قَالَ وَعِزَّتِكَ يَا رَبِّ لاَ أَبْرَحُ أُغْوِي عِبَادَكَ مَا دَامَتْ أَرْوَاحُهُمْ فِي أَجْسَادِهِمْ. قَالَ الرَّبُّ وَعِزَّتِي وَجَلاَلِي لاَ أَزَالُ أَغْفِرُ لَهُمْ مَا اسْتَغْفَرُونِي). واتا: شەیتان وتی: سوێند بەگەورەیی خوا بەردەوام بەندەکانت سەرگەردان دەکەمو سەریان لێدەشوینم تا گیان لەجەستەیان مابێت، خوای گەورەش فەرموی: سوێند بە عیززەتو جەلالی خۆم منیش دەرگای تەوبەیان بەسەر داناخەمو هەمیشە لێیان خۆش دەبم هەرکات داوای لێخۆش بوونم لێ بکەن.

٣- خەمو خەفەت لادەباتو کۆسپو تەگەرەکانی ڕێی ژیان لادەبات دڵو دەرون ئاسودە دەکات، وەکو لەفەرمودەدا هاتوە کە دایکمان عائیشە رەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت پێغەمبەر فەرمویەتی: (من لزم الاستغفار: جعل الله له من كل هم فرجا ومن كل ضيق مخرجا ورزقه من حيث لا يحتسب) واتا: هەر کەسێ زۆر پەیوەست بێت بە داوای لێخۆشبون خوای گەورە لە هەمو تەنگانەیەك دەرگایەکی لێدەکاتەوەو لەکاتی گشت خەمێك دڵنەوایی دەکاتو کەیفی خۆشدەکات.

٤- خۆشەکانی بەهەشت بۆخۆت مسۆگەر دەکەیت بە زۆر ئیستیغفار کردن هەروەکو عەبدوڵلای کوڕی بوسر دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (طوبى لمن وجد في صحيفته استغفار كثير) واتا: خۆش بەختی بۆ ئەو کەسەی کە پەڕەندەی کردەوەکانی پڕیەتی لە (ئیستیغفار) دیارە کە وشەی (طوبى) هەندێ لە زانایان بەدرەختی بەهەشت مانایان کردووە.

٥- داوای لێخۆشبون دەرگای بەرەکەتو هەرزانیو فەرحانی لەبەندەکان دەکاتەوە ئاواتە بەدەست نەهاتوەکانی ژیان ئاسان دەکات خاوەنەکەی دەگەیەنێ بە خۆزگە نەبینراوەکان، وەکو قورئان لەسەر زمانی پێغەمبەر نوح (د.خ) کاتێك روو دەکاتە هۆزەکەیو داوایان لێدەکات کە رو بکەنە خواو ئەستەغفیروڵلا بکەن لە پاداشتدا خوای میهرەبان وێرای لێخۆشبون خەلاتی جۆراوجۆریان پێدەبەخشێت (فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا(١٠) يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا(١١) وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا(١٢) مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا(١٣)) واتا: پێم گوتن داوای لێخۆشبون لەپەروەدگارتان بکەن چونکە ئەو لێخۆشبوە لەبری ئەوە بارانتان لە ئاسمان بۆ دادبارێنێو کورو نەوەو وەچەتان پێدەبەخشێتو رەزو باخەکانتان بەپیتو بەرەکەت دەکاتو کانیو روبارەکانتان تەڕو پڕ ئاو دەکات، ئەوە چیە ئێوە رێز لەخواناگرن واتا ئەگەر کەسێك داوای لێخۆشبون نەکات لە خوا بەزمانی حاڵ ڕێز لەخوا ناگرێت. دەگێڕنەوە جارێکیکیان پێشوا ئەبو حەنیفە دەڕوات بۆ شارێك بۆ سەردانی یەکێ لەدۆستەکانی بەڵام کاتێك دەگاتە ناو ئاوەدانی کاتی نوێژی عیشا دەبێت ئەویش دەچێتە ناو مزگەوتو لەبەر ئەوەی شەو درەنگ بوو نەیویست ئەزیەتی ئەو ماڵە دۆستەی بدات بۆیە لادەداتە مزگەوتو نوێژی خۆی دەکاتو دوای تەواوبونی نوێژەکەی لێی پاڵدەداتەوەو بۆ ئەوەی شەو لە مزگەوت بەرێبکات کەچی دەلێت هەرئەوەندە چاوم گرم کرد یەکێك هاتو لەوە دەچوو خزمەتکاری مزگەوت بێت منی نەدەناسی هەر بەزۆر منی لەمزگەوت دەرکردە دەرەوە کەزۆر لەلام شتێکی نامۆ بو منیش بە ناچاری رۆیشتمو بەناو قوڕو لیتەی ئاوەدانی رێمگرتە بەر، بەڵام سەرمای زستانو نەدیتنەوەی ماڵە دۆستەکەم ناچاری کردم کە لەدەرگای ماڵێکی نەناسراو بدەم ئەویش زۆر بەجوانی پێشوازی لێکردمو دوای خۆگەرمکردنەوەو پشودان بینیم بەو درەنگە شەوە کابرای خاوەن ماڵ هەویر دەشێلێ وادیارە نانەوا بو هەر لەگەڵ هەویر شێلانەکەی لەبەرخۆیە ئەستەغفیروڵڵای دەکرد، منیش وتم بۆ هەر زیکری ئەستەغفیروڵڵا دەکەی؟ گوتی من هەرچی ئاواتم هەبوو بەهۆی زۆری ئەو زیکرە خوای گەورە پێی شاد کردوم تەنها یەکیان نەبێت ئەویش ئەوەیە زۆر لەمێژە لەخوا دەپاڕێمەوە کە بەدیداری پێشەوا ئەبو حەنیفەم شاد بکات، بەڵام هێشتا نەگەیشتوم بەو ئاواتە، ئیمامیش سەری خۆی باداو فەرمووی هەر ئەو ئەستەغفیروڵڵا جەنابت بو منی بەدەرکردنداو بەڕاکێش ڕاکێش منیان لەمزگەوت دەرکرد هاتمە ماڵەکەی ئێوە بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەشت بێتە دی، ئینجا ئەویش باوەشی بە پێشەوا داکردو تێر تێر بۆنی کردو سوپاسی پەروەدگاری کرد لەسەر بەدیدار شادبونی جەنابیان.

## با چیتر خۆمان نەکەینە بنێشتە خۆشەی سەر شەقام!!



**مەلا رسول گەزنەی**

ماوە ماوە شەقامی کوردی جۆرە شلەژانێك بەخۆیەوە دەبینێتو دڵە راوکێیەك لەناخی کۆمەڵگا دروست دەکات. گەر واگوزەر بکات ریسەکەمان دەبێتەوە بەخوریو رووی گەشو جوانی ئەو ئەزموونەی کە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن بەدیاریەوە خەونی ولاتێکی سەربەخۆی پێوە دەبینێ لەکەدارو قیزەون دەبێت. ئەوەی بەدرێژای مێژوو بەدەستمان هێناوە بەململانێیەکی ناشەریفانەو لەپێناو ئارەزووەکانو بەرژەوندیە تاکە کەسیەکان بەرەو گۆڕستانی دەبەینو لەگۆری دەنێین.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانی دەوروبەرمانو هەموو جیهانە ئەزموونی کوردستانە کە روخسارێکی جوانی پێشانی هەموو گەلانی جیهانداوە ئەویشیان رووخساری پێکەوە ژیانو هەلکردنی هەموو ئاینو توێژو پێکهاتەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستانە کە رۆژانە ممارەسەی ژیانی دیموکراسیانەی خۆیان لەژێر ئەمنو ئاسایشی وڵات دەکەنو هەناسەی ئازادی هەڵدەمژن.

سەلمێنراوە دەسەڵاتی چوارەم کە دەزگای راگەیاندنە بەهەموو جۆرەکانیەوە رۆڵێکی کارای هەیە لەهەموو بوارەکانی ژیانو خۆشبەختانە لەسایەی ئەو ئازادیەی لەکوردستاندا هەیە سەدان گۆڤارو رۆژنامەو سایتو تیڤیەکان لەکاردان. ساڵانێك ژێر دەستەو بێ راگەیاندن بووین خۆزگەو خەونمان بەئازادی رادەربڕینەوە دەدی خامەکان دەبوایە لەبەرژەوەندی دوژمن بوونایە وەیان هەر لەکالان نەداهاتنە دەرەوە، بۆیە ئیمڕۆ دەسەڵاتی چوارەم چاوەڕوانی لەزانایانی ئاینیو رۆشنبیرانە قەرەبوی ساڵانی کوتو بەندکردنی خامەکانیان بکەنەوە بۆ ئەوەی گیانی یەکترقبول کردنو پێکەوە ژیان قولتربکەنەوەو بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن گەر بوارمان پێبدەن دەشێ ئەوان لەئێمە فێری پێکەوە ژیانو یەکتر قبولکردن بن.

من پێموایە هەموو زانانی ئاینیش لەچینی رۆشنبیرن بۆچی دەبێت بکرێتە دوو چینی لەیەکتر جیاو سەنگەر بەرامبەر یەکتر بگرنو کەسانێکی بەناو رۆشنبیر قەڵەمی ژەهراوی بەکاربێننو هیچ بەهایەك بۆ پیرۆزیەکان نەمێنێتەوەو بریاری موسبەقیان دابێت (گوێم لێبگرنو گوێ لەکەس ناگرم) کاتی ئەوە هاتووە لەپێناو بەرژەوندیە بالاکانی گەلو وڵات لەسەرمێزی گفتوگۆ دیالۆك بکەنو تەمومژی دوورە پەرێزیو لەیەکتر حالی نەبوون برەوێننەوەو بەرژەوەندییە بالاکانی گەلەکەشیان بەدەست لەپشتدانێكو ئافەرینێك نەگۆڕنەوە. باخامەکان لەچاوی چەپەوە بۆ چاوی ڕاست ئاراستە نەکرێنو نەلێن شەلم کوێرم دەست لەکەس نابوێرم.

بەهیوای بەخۆ داچوونەوەو وەستانی شالاوی قەڵەم لەیەکتر تیژکردن هەموومان لەناو گەمیەکداین گەر بەرەو نغرۆ بوون بڕوات لەیەك ساتدا هەموومان بەیەکەوە لەناودەچین. وتاربێژە بەرێزەکانو قەڵەم بەدەستەکانی زانایانیش کە خۆیان خاوەن ماڵو باغەکەن هەقوایە بوار بەکەسانی تر نەدەن خۆیان بکەنە خاوەن ماڵو ئێوەش میوان. گۆشت بۆ ئەوانو ئێسکەکەش بۆ ئێوەی زانایان بێ. چونکە ئێوە خاوەنی دەزگایەکی شەرعین کە یەکێتی زانایانەو نوێنەرایەتی سەرجەم زانایان دەکات لەکوردستان با قەدو بالاو مێزەرو ریشەکەتان هەر سپی ترو جوانتر بێت.

# تەڵاق

# هۆکار.. کێشە.. زۆربوون.. بۆچی؟ چارەسەر..!!

**ئا: مەلا تیب زیارەتی**

کە ساڵ نوێ دەبێتەوە زۆرێك لەمیدیاکان، ئاماری ڕووداوەکان دەخەنەڕوو، بۆ ئەوەی ئەم هەڵەو کارەساتانەی لەساڵی ڕابردوو ڕوویان داوە لە داهاتوودا جارێکی تر دوو بارە نەبێتەوە، دیارە ڕووداوەکانیش لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی کاتو ساتو خودی ڕوداوو جۆرەکەی جیاوازیەکی زۆریان هەیە، ئەوەی هەڵوەستەم لەسەر کرد، ئەوە بوو کاتێك میدیاکان ئاماری تەڵاقی زۆرێك لەشارەکانی هەرێمی کوردستانیان خستە ڕوو گوایە لەساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی تەڵاق بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو تر زۆر زیاتری کردووە.

قسە کردنی ئێمە لەو ڕاپۆرتەدا لەسەر ئەو تەوەرەیە، بۆ ئەوەی بزانین ئەم ڕێژەیە بۆ زیادی کردوەو مەترسیەکانی بۆ سەر کۆمەڵگە چین؟ کێنە ئەوانەی لێی بەرپرسیارن؟ تێکچوونی شیرازەی خێزان چ تاوانێکەو لەئەستۆی کێدایە؟ چارەسەری ئەم دیاردەیە چۆن دەبێتو چ پێویستە؟ بۆ ئەوەی خێزانەکان چیتر لێك نەترازێنو درز نەکەوێتە بەینیان، بەڵکو لەبری ناخۆشی، بەختەوەر بنو دوریش بن لەم کارەساتە دڵتەزێنانە.

دەروونناسێك:

## ئەو ژنو پیاوانەی لێك جیادەبنەوە توشی کێشەی دەروونی دەبن کەمەترسییەکانی زۆر ترسناکن

زانایانی دەروونناس لەبارەی کاریگەریە دەروونییەکان لەکاتی جیابوونەوە دەدوێن هەروەك بەڕێز دکتۆر (سیروان) پسپۆڕی دەروونناس لەو بارەوە گوتی: یەك لەو هۆکارە باوانەی، کە زۆرێك لە گەلو کۆمەڵگەکانی بەرەو دواوە بردووە، مەسەلەی جیابوونەوە، بەتایبەت جیابوونەوەی خێزانو هەڵوەشانەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، لەبەر ئەوە ئیسلام لەگەڵ تەڵاقدا نییە مەگەر لەحاڵەتێکدا نەبێ، کە چارەسەری کێشەکە ئەستەم بێت.

لەلایەکی ترەوە خێزان کۆڵەگەیەکی بەهێزی کۆمەڵگەیەو ڕێزگرتن لە بەهای کۆمەڵایەتی شتێکی پێویستەو ناکرێ هەر کەس بیەوێ تێکی بدات، چونکە تەڵاق تەنها کێشەیەك نیە، بەڵکو گرفتی گەورە دروست دەکات بەدوای خۆیدا، لە بڵاو بوونەوەی گرفتی ڕقو کینەو لاوازی کەسایەتیو تێکچوونی باری دەروونیو شپرزە بوونی منداڵو گەلێکی تر، ئیدی دەرەنجام ئەو دیاردە خرپانە کۆمەڵگەش بەرەو ئاقارێکی ناباش دەبەن، لەبەر ئەوەی کاریگەریە خراپەکانی تەڵاق نەك تەنها لەسەر خودی کەسەکان دەوەستێت، بەڵکو منداڵو خێزانو کەسەکانی دەوروبەرو تەنانەت کۆمەڵگەش دەگرێتەوە.

د. سیروان جیاووك

## تەڵاق کاریگەری خراپی لەسەر خێزانو کۆمەڵگەو نەوەکان هەیە

بەشێوەیەکی گشتی لەچوار لاوە ئەو کاریگەریە خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: خودی ئافرەتەکە، کە هەست بە خەمۆکیو کۆمەڵێك حاڵەتی نەشاز دەکات.

دووەم: پیاوەکە ، کە ئەویش هەست بە هەندێ لایەنی ژیان دەکاتەوەو لەو خەرجەی وەکو نەفەقەو مارەییو چەندانی تر، کە دەرەنجام تووشی ڕەشبینیو حاڵەتێکی خراپ دێت.

سێیەم: منداڵەکان: یەکەم قوربانی ڕووداوەکەن، کە لەڕووی سۆزو باوەشی دایكو باوك بێ بەش دەبنو حاڵەتی دەرونیان بە ئاقارێکی خراپ گوزەر دەکات، چونکە هەست دەکات مەئوایەکی سەرپەرشتیو حەوانەوەیەکی تەندروستیان بۆ نەماوە، تا خۆیان لێی پەروەردە بکەنو خۆیان پێ بگەیەنن.

چوارەم: کۆمەڵگە، کە ئەویشیان لەو کاریگەریەی تەڵاق بێ بەش نابێ، بەڵکو لە ئەنجامیەوە تۆی ناکۆکیو ڕقو لێك

دوور کەوتنەوە دروست دەبێت.

قوتابی زانکۆ سامان ئیسماعیل سەبارەت بەهۆکاری دیاردەی تەڵاق لە کۆمەڵگاکەماندا بۆ چەند خاڵێك گێڕایەوەو گوتی: لەڕاستیدا گەلێك هۆکارو فاکتەر هەن، بۆ لێك ترازانو هەڵوەشاندنەوەی خیزان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین، کارەساتەو کۆمەڵگەش بەرەو سپرزەیی دەبات. ئەم دیاردەیە بوەتە پەتایەکی کوشندە کەوا زۆربەی گەنجو لاوەکانمان بەرەو هەڵدێری کومەڵایەتی بردووە، بۆیە من بەش بەحالێ خۆم پێم وایە چەند هۆکارێك لەپاڵ ئەم دیاردەیە هەن، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- تێك نەگەیشتن، یاخود جیاوازی ئاستی خوێندەواریو ڕۆشنبیریان، بۆ



سەرۆکی لێژنەی باڵای فەتوا:

## هۆکاری سەرەکی جیابونەوەی ژنو پیاو لەیەکتر مەسەڵەی ئابوورییە

نموونە زۆر ئافرەت هەیە مامۆستایە بەڵام هاوسەرەکەی نەخوێندەوارە، یاخود بە پێچەوانەوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، بۆیە هاوشانیو هاوتەمەنی {الکفائە}زۆر پیویستە لەژیانی هەردوو ڕەگەزدا تاروو بەڕووی ئاریشەی تەڵاق نەبنەوە.

٢- ناپاکی هاوسەرایەتی کە ئەمە زۆرە لە هەموو کومەڵگەکاندا، لەوڵاتی خوشماندا ساڵ بەساڵ ڕێژەی زیاتر دەبێتو کاتێك یەکێك لە ژنو پیاو هەستیان بەم کارە کرد سەرهەڵدانی تەڵاق دەست پێ دەکات، تا کۆتایی پی دێت.

## ناپاکی، خۆشەویستی ناشەرعی، تێکنەگەیشتن، لاوازی هەستی ئایینی، مادده هۆشبەرەکان هۆکارن بۆ زیاد بوونی تەڵاق

٣- لایەنی ئابووریو داهاتی کەمو خەرجی زۆر، وەك گرانی بازاڕو هاتنی مۆدیلاتی جۆراوجورو کرێی خانوو، یەکێکە لە هۆکارەکانی تەڵاق.

٤- خۆشەویستی ناشەرعی کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا پەرەی سەندوە لەنێو چینو توێژی گەنجان، کە زۆربەی زۆریان لەڕێگای خۆشەویستی یەوە ئەم پرۆسەیە پێك دەهێنن، لەدوایشدا دەرئەنجامەکەی سەردەکێشیتە شکستەوە لەبری خۆشەویستی.

٥- بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کە یەکێکە لە هەنگاوە نوێکانی سەردەم خۆی خزاندوەتە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها سەر دەکێشیت بۆ ئاریشەی تەڵاق چونکە ئەوانەی ئالوودە دەبن بە مادده هۆشبەرەکان عەقلو لۆژکی خۆیان لەدەست دەدەنو گرفتیش بۆ خۆیانو خانەوادەکەیان دەنێنەوە.

قوتابییەکی زانکۆ:

## زۆر بوونی تەڵاق شپرزەییەو دەرەنجامێکی خراپ بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات

٦- بەکارهێنانی وشەی تەڵاق زۆر بووە وەکو بنیشتی سەر زوبانی لێهاتوە بەتایبەت لەلای ئەو کەسانەی ئیشی کڕینو فرۆشتن دەکەن تاوەکوو خەڵك متمانەیان پێ ببەخشێت دەڵێن بەتەڵاقم یان تەڵاقم کەوتبێت، کە لەبری سوێند خواردن بەکاری دەهێنن.

سەرەڕای لاوازی هەستی ئایینیو پابەند نەبوونی خێزان بەبەها ڕەوشتیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو ڕێگە نەدانی خێزانو بەربەستی لایەنی پەیوەندار لەفرە ژنی (تعدد الزوجات).

هەروەها بەخراپ سود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای سەردەم وەکو ئینتەرنێت مۆبایلو سەتەلایت... هتد. لەگەڵ پێویستە لایەنی پەیوەندی دار لەبواری بلاو کردنەوەی هوشیاری خێزان لەنێو کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆیان بەرجەستە بکەن.

پیاوێك:

## دوای ١٢ ساڵ پێکەوە بوون دەستی سێیەم ئێمەی لێك کرد

ئەو پیاوو ئافرەتانەی توشی حاڵەتی لێك جیابونەوە ببوون، لەئاریشەکانی خۆیان دەدوێن.

بەڕاستی لێك جیا بوونەوەی ژنو پیاو بە تایبەت، کە لەگەڵ یەکتر ژیابن، زۆر



تەڵاقدراوێك:

## دایکم گوتی گوێ بە مێردەکەت مەدە

ئەستەمە بەڵام زۆر جاران، قەدەر وادەکات، شتەکان لەدونیادا پێچەوانەی یەکتر ببنەوەو تاسەر بەردەوام نەبێتو گۆڕانی چاوەڕوان نەکراوی بەسەر دابێت.

ئەمەی سەرەوە قسەی پیاوێك بوو خۆی بە (هەژار) ناساند، کە بەزۆری ژنەکەیان پێ تەڵاق داوەو زۆریش تاوانیان لەبەرامبەردا کردووە ناوبراو خۆی لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی (پەیام) گوتی:

منو خێزانەکەم نزیکەی دوانزە ١٢ ساڵ بوو ژیانی هاوسەریمان بەیەکەوە بەخۆشی بەسەربرد، بەڵام نەیارمان لێ نەگەڕا درێژە بەو ژیانە بدەین، کە ئەمەش لەهەموو سەردەمانێك هەبوونو دەبن، کێشەی من لەگەڵ کەسی بیانیو دوور نەبوو بەڵکو لەگەڵ نزیکترین کەس بوو، کە تەدەخولی کێشەی ئێمەی کرد ژیانی ئێمەی تاڵ کردو منو خێزانە کەمو منداڵەکانمی لەیەك ترازاندو بەرەو ئاقارێکی خراپی بردین، منداڵەکانمی لەسۆزی دایکایەتی بێبەش کرد، هەر بۆیە ڕوو لەهەموو گەنجان دەکەم، لەوکاتەی کە پرۆسەی هاوسەرگیری پێك دێنن، دەبێ بزانن، لەگەڵ کێ تێکەڵ دەبنو خزمایەتی لەگەڵ کێ دەکەن، بۆ ئەوەی ژیانیان بەختەوەر ببێتو بەخۆشی بەسەرببەن، نەبادا توشی ئەم گرفتە دژوارە بن.

ئافرەتێك:

## ئەگەر ئافرەتان بزانن لێك جیابوونەوە چەندە ئەستەمە گوێ نادەن بەقسەی خەڵکی خراپ

(س.ب) ئافرەتێك بوو کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین، بەهەمان شێوە توشی کێشەی تەڵاق ببوو بە چاوی پڕ لەفرمێسكو گریانەوە باسی لەکێشەی نێوان خۆیو هاوسەرەکەی کردو گوتی:

من بەخۆشەویستی شوم بە (خ.ف) کرد ئەوکات تەمەنم زۆر بچوك بوو تا سێ ساڵان ژیانمان لەوپەڕی خۆشی دابوو، بەڵام دوای ئەم سێ ساڵە وردە وردە ژیانمان بەرەو ئالۆزیو ناخۆشی گوزەری دەکرد، ئەوەش وانەبێت تەنها تاوان لەلایەنێك بێت، بەڵکو لەهەموو لایەکمان بوو بەگشتی، نایشارمەوە تاوانی خۆمیشی زۆر تێدابوو، چونکە منو پیاوەکەم هەر کێشەیەکمان، لەگەڵ یەکتر هەبا هەرچەندە بچوکیش با لەبری ئەوەی بەیەکەوە دانیشتباینو چارەسەرمان بکردابا، دەبووە کێشە لەنێوانمانو هیچ تێك ناگەیشتین، ئەو دەستی بەجنێوی پیس دەکرد منیش یەکسەر هەڵ دەچومو دایکمم ئاگادار دەکردەوە، ئەویش براکەمی بەدواما دەناردوو لەگەڵی دەچوومەوە ماڵی باوکم، چونکە دایکم بەردەوام پێی دەگوتم: وەرەوە تا پاروە نانێك هەبێت، لەگەڵ ئێمە بیخۆ مەگەڕێوە لای پیاوەکەتو گوێی پێمەدە، جگە لەدایکم، خەڵکی تریش هەبوون، لەجیاتی ئامۆژگاری باشیان بکردابام بەپێچەوانەوە ئامۆژگاری خەراپیان دەکردمو هانیان دەدام بۆ لێك جیابوونەوەمان، بەداخەوە وام دەزانی دڵسۆزی منن، نەمدەزانی لێم تێك دەدەنو دواتریش توانجم لێدەدەن، لەئەنجامدا تاپیاوەکەم منی بەیەك جاری تەڵاقدا ژیانم بەیەکجاری تێکچوو، ئێستا لەحاڵەتێکی زۆرنالەبار دەژیمو متمانەم بەکەس نەماوە، چونکە هەست دەکەم ئەوانەی تادوێنێ غەم خۆرم بوون ئیمڕۆ ئاوڕیشم لێنادەنەوە، ماڵی باوکیش چەند ڕۆژێك خۆشە دواتر ئەوانیش بێزاریت لێدەکەن، ڕەزات لەلایان گران دەبێت، ئەوکات بم زانیبایە هەموو تاڵیو سوێریەکم قەبوڵ دەکردو کوێم بەقسەی ئەمو ئەو نەدەدا. بۆ ئەوەی لێك جیا نەباینەوە، بەڵام هیوادارم کە ڕووداوی من پەندوو ئامۆژگاریەك بێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەگوێی مرۆڤی خراپ دەکەن، هیوادارم ئافرەتان، بەقسەی بریقەدار هەڵ نەخەڵەتێنو لەماڵو حاڵی خۆیان تێکنەدەنو خزمەتی ماڵو منداڵی خۆیان بکەن.

تێك دانی شیرازەی خێزان مامۆستایانی ئاینی بەگوناهی گەورەی لەقەلەم دەدەن هەروەك بەڕێز مامۆستا (عیصمەت هاشم حوسێن) پێش نوێژو وتارخوێن لەمزگەوتی موفتی لەشاری دهۆك لەو بارەوە گوتی: ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت ناوەو، لەگەڵ ئەوە نییە ژیانی خێزان بەرەو تێك دان بچێت، چونکە هەردوولا بۆ یەك گرنگن، لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە پەروەردەی ئیسلامی فەرامۆش بکات، چونکە ئیسلام هەمیشە دەیەوێ خێزان بەشێوەیەکی ڕێكو پێك ژیان بەسەر ببەن، تەڵاق یەکە لەو حاڵەتانەی ئیسلام بۆ دەرباز بوون لە کێشە دایناوە، بەڵام قەتیش حەزی پێ ناکات.

سەرۆکی لێژنەی فەتوا

## بەداخەوە ساڵانە ئەم ڕێژەیە زیاد دەبێت

دواتریش سەردانی لێژنەی باڵای فەتوامان کرد لە هەولێر بەڕێز مامۆستا (موحەمەد وەرتی) سەرۆکی لێژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی کوردستان، سەبارەت کێشەی تەڵاق هاتە ئاخاوتن:

ئێمە وەکو لێژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی کوردستان، هەموو ڕۆژانی سێ شەممە لەشاری هەولێر لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دادەنیشینو لەخزمەت هاووڵاتیان داینە بۆ هەر کێشەو گرفتێك کە سەردانمان بکەن، هەڵبەتە ئەم کێشانەش زۆر جۆریان هەیە وەكو کێشەی زەویو زارو میرات... هتد.

بەڵام ئەوەی لەنێوانیاندا زۆر بەزەقی دەبینددرێ کێشەی تەڵاقە بەداخەوە ساڵانە ئەم ڕێژەیە زیاد دەبێت، کە ئەمە کارێکی زۆرنێگە تیڤی دەبێت ئەوانەی بەمەبەستی تەڵاق دێنە لای ئێمە، ئێمە وەکو لێژنەی فەتوا زۆر دڵتەنگین لەو حاڵەتە، پێمان وایە دەبێ هەموولا لەسەر ئەوە کۆك بین، کە چارەسەرێك بۆ ئەو دیاردەیە دابنێین، ئەو کێشانەی دێنە لای ئێمە فایلیان بۆ دەکەینەوەو ئامۆژگاریان دەکەین، بەڵکو لەو هەنگاوەیان پەشیمان ببنەوە، جا ئەگەر هەر پەشیمان نەبوونەوە، ئەوە ئێمە بەپێی شەرع، کاری پێویستیان بۆ دەکەینو ڕوانگەی شەرعیان لەو بابەتە بۆ ڕوون دەکەینەوە، بۆیە هەر لێرەوە داوا لەهەموو موسڵمانان دەکەم کەهەڵەی وانەکەنو تەڵاق بەسەر زوبانیان دانەهێت.

ناوبراو گوتیشی: جاری وا هەیە نەفەری واهاتووە لەسەر شتی زۆر سادە



مامۆستایەکی ئایینی:

## ئیسلام نایەوێ خێزان بەرەو تێك چوون بچێت

تەڵاقی خواردوە، کە ناکرێت لێرەوە باسی بکەین، مەجالی چاك کردنەوەی نەهێشتۆتەوە، دواتریش ژنو پیاو هەرچەندی لێك عادزبنو تورەبن، کە جیابوونەوە پەشیمانیەك ڕویان تێدەکات، زۆرمان ئەو حاڵەتانە بینیوە دوای تەڵاق دان، هەردوو لایەن دەستیان بەگریان کردووە، وەئەوانەی دەبنە هۆکاری تەڵاق کە دێنە لای ئێمە زۆرێکن، لەوانە ناپاکی هاوسەری لەهەردوو ڕەگەز یاخود مەسەڵەی هەندەران کورێك کچێك مارەدەکاتو بەلێنی پێدەدات، کە لەگەڵ خۆی بیبات دواتریش نایبات، دەبێتە کێشە لەبەینییان، مەسەڵەی ئابووری دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکیە بۆ لێك جیابوونەوە بەلێ کێشەی تەڵاق تا بلێی ڕوو لەزیادبوونە، هیوادارم ساڵانی داهاتوو لەجیاتی تەڵاقو لێك جیابوونەوە ساڵی پڕ هاوسەرگیریو تەبایو بەختەوەری بێت.



taybzyarati@gmail.com

# ئەو مەهزەلەیەی ناوی لێنراوە پرۆژە یاسا



## مەلا ملحم محمد صالح سۆران

لەم چەند ڕۆژەدا کۆمەڵە کەسێك کە ناویان لەخۆ ناوە توێژەرو هونەرمەندو مامۆستای زانکۆ، لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێك مەهزەلەیەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە ئازادی ئایینی لەکوردستان بەرتەسك بکرێتەوەو وتاری ڕۆژانی هەینی تەنیا لەسێ پاریزگا بدرێت‌و بەڕێگای شاشەکانەوە بۆ سەرجەم کوردستان بگوازرێتەوە، ئەگەر ئەم بەناو پرۆژەیە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی ترەوە بوایە هەرگیز قسەمان لەسەر نەدەکرد، بەڵام ئەوان چەندین ناوی قەبەی وەك نووسەرو شاعیرو ڕۆماننووس‌و سینەماکارو دەرهێنەرو پەرلەمانتارو چالاکوانیان لەخۆ ناوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم هەڵوەستەیەکیان لەسەر بکەم.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەبووین لە نووسەرو شاعیرو ڕۆماننووس‌و سینەماکارو دەرهێنەرو پەرلەمانتارو مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ پرۆژەیێکیان ئامادە کردبا کە چۆن بەرەو دەوڵەت بوون هەنگاو بنێین، چۆن بتوانین خۆشەویستی نیشتمان لای گەنجان گەشە پێ بدەین، چۆن دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان بپارێزین، چاوەڕوانی ئەوەبووین پرۆژەییێکی چاکسازیان پێشکەش بەپەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم کردبایە کە گەندەڵی‌و هەیمەنەی حزب بەسەر حکومەتدا نەهێڵێ، چاوەڕوانی ئەوە بووین پرۆژەیەکیان پێشکەش کردبا کە بێکاری لەکوردستان بنەبڕ بکرێت، چاوەڕوانی ئەوە بووین چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەتواناکانی خۆماڵی بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان خرابایەڕوو، چاوەڕوانی ئەوە بووین کێشەی بڵاو بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان‌و لەشفرۆشی‌و نیشتەجێ بوون‌و گرانی بازاڕو دامەزراندن‌و چۆنیەتی خوێندن لەقوتابخانەو زانکۆکانی کوردستان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەو مەڵبەندانە چارەسەری ڕیشەییان بۆ بدۆزرێتەوە، چاوەڕوانی ئەوە بووین پرۆژەییك بە حکومەت‌و پەرلەمان بدەن کە ڕیشوەخۆری‌و واسیتەکاری‌و خزمە خزمێنەو حزب حزبێنە لەدام‌و دەزگاکانی حکومەت پەیڕەو نەکرێت، چاوەڕوانی ئەوە بووین چارەسەرێك بۆ ئەو بازرگانییە بدۆزنەوە کە لەلایەن هەندێ بازرگانی بەناو پزیشکەوە بەنەخۆشەکانی کوردستان دەکرێت‌و، داوو دەرمانیش وەکو کەلوپەلەکانی تر بەبێ چاودێری تەندروستی بەهاوڵاتییان دەفرۆشرێنەوە، چاوەڕوانی ئەوە بووین گوشار بخەنە سەر حکومەت بۆ دروست کردنی چەند وێستگەیەکی کارەبا کە بیست‌و چوار کاتژمێر کوردستان ڕووناك بکاتەوە، چاوەڕوانی ئەوە بووین مۆزەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو سەتەلایت‌و تەکنەلۆژیای نوێمان پێ بدەن کە لەسەری نووسرابێت (لەکوردستان دروست کراوە) چاوەربووین. چاوەڕوان بووین!!!!!، کەچی بەناو توێژەرو هونەرمەندو دکتورو مامۆستایانی زانکۆ دێن مەهزەلەیەك پێشکەش بە پەرلەمان دەکەن کە ئەگەر لە هەموو شتێك بچێت تەنیا لە پرۆژە یاسا ناچێت، خۆشیان باشتر لەهەموو کەس دەزانن کە نەك هەر لەکوردستان، بەڵکو لە هیچ شوێنێکی تر جێگەی نابێتەوە. پێم سەیر بوو ئەو هەموو زاتە گەورانە، کە بە ئۆتۆمبیلی هەژدە چەرخی ناوو نازناوەکانیان هەڵناگیرێ خۆیان بێننە ئەو ئاستەی کە خەڵکی سادە گاڵتەیان بە پرۆژەکەیان بێت، بەڵام دیارە ئێمە بە هەڵە لەوان گەیشتووین‌و هەر شیاوی ئەوەن کە ناویان بە تەنیشت ناوی کەسانێکەوە بنووسرێتەوە، کە خۆیان باشتر لەهەر کەس دەزانن خاوەن چ پاشخانێکی قێزەونن، خۆزگە زووتر خۆیان ئاشکرا کردبایە تاوەکو ئێمەش زووتر هەستمان بەتێڕوانینی خۆمان کردبایە بەرامبەر بەوان، سەیرە خاوەنانی ئەو ناوە قەبانە هەموو مافیێك بەخۆیان ڕەوا ببینن‌و چینێکی دیاری کۆمەڵگاش پەراوێز بخەن‌و پێیان تاوان بێت دوو قسە لەسەر ڕووداوەکانی کۆمەڵگای خۆیان بکەن، کە زیاتر لەهەر هەموویان خەمخۆری کۆمەڵگای خۆیانن‌و زیاتر لەهەر هەموویان پێگەو جێگەیان لەکۆمەڵگادا دیارە، لەوکاتەی کە ئەوان خۆیان لەنەتەوەکەیان شۆردەوەو ژیانی هەندەرانیان هەڵبژارد، مامۆستایانی ئایینی باوەشی نەتەوەی خۆیان هەڵبژاردو لەخۆشی‌و ناخۆشییەکانی نەتەوەکەیان بەشداربوون، جا ئەگەر بیرکردنەوەی توێژەرو روناکبیرو نووسەرو هونەرمەندو پەلەمانتارو مامۆستای زانکۆ ئەوە بێت، سەد خۆزگە بەجەهل‌و نەخوێندەواری!!.

ئەمە چ عەقڵیەتێکە هەموو ئازادییێك بۆ خۆت پاوان بکەی‌و مافی قسە کردنیش لەخەڵك بستێنیەوە؟ بۆچی لەو مەهزەلەیەدا بەدێرێکیش ئاماژە بەوە نەدراوە کە کاری ڕۆژنامەنووسی تەنیا دەسنیشان کردنی کەموکوڕیەکان‌و کۆکردنەوەی زانیارییەکانە، نەك بینە دەمڕاستی کۆمەڵگاو باس لە وردو درشتی ژیانی خەڵك بکەن؟ بۆچی کەمترین ئاماژە بەوە نەدراوە کە موسڵمانیش وەکو مەسیحی‌و یەخودی‌و یەزیدی مرۆڤەو کەس مافی نییە هەستی بریندار بکات؟ بۆچی تەنیا مامۆستایانی ئایینی لەو نێوەدا تاوانبارن‌و خەڵکی تریش ماستی مەیو؟ ئایا دەزانن توندڕەوی هەندێ مامۆستای ئایینی کاردانەوەی ئەو نووسینە تەشهیریانەیە کە هەندێ کەسی لەدەرەوە قورمیش کراو بۆ ناوبانگ دەرکردن لەدژی ئایینی ئیسلام‌و مامۆستایانی ئایینی دەینووسن؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بیاسا لەگەڵیان بکرێ‌و بڕیاری دادگا لەبەرژەوەندی خۆیاندا نەبوو، ئەوا یاسای سەردەمانی بەعسەو ئەبێت بگۆڕدرێ، ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆشیاندا دابوو، ئەوا یاسایەو ئەبێت سەروەر بێت! ئەوان بڕیاری پێشوەختەیان داوە کە بەهیچ شتێکی ئەم میللەتە ڕازی نەبن، نە ئەخلاق نە دین نە دابونەریت نەحکومەت‌و پەرلەمان، نە دەستوور.

ئەوانەی کە لەو گەلەکۆمەگیەدا خۆیان بەهونەرمەند ناوزەد کردووە، بەڕاستی گەورەترین سووکایەتیان بەهونەرو کولتووری میللەتی کورد کردووە، چونکە ئەوانە نەك هەر هونەرمەند نین بەڵکو بازرگانانێکی زۆر گەورەن بە هونەری کوردی، ساڵ نییە ملیۆنان دۆلار لەداهاتی کوردستان‌و بەرهەمی خوێن‌و فرمێسکی دایك‌و ڕۆڵەی شەهیدانیان بەگەڕوودا نەکرێت، کەچی تائێستا نەیانتوانیوە سیماییێکی نوێ بە هونەری کوردی ببەخشن، هونەر لای ئەوان هەر ئەوەیە ئافرەتان لە شەرم‌و حەیا دابڕێن‌و بەلاشەی نیوە ڕووتەوە خۆیان نمایش بکەن‌و حەزە نەخۆشەکانی ئەو کەسانە بێننەدی کە هونەرو ڕۆشنبیرایەتی تەنیا لەجەستەی ئافرەتانەوە دەبینن، بەڵام دیارە ئافرەتی کورد لەوانە گەیشتووە بۆیە ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵکو ناچارن هەندێ ئافرەت کە بۆ بازرگانی تەرخان کراون لەدەرەوەی وڵات بێنن‌و بە ئاوازە بێ تام‌و چێژەکەیان مێشکی بیسەر ماندووتر بکەن، کەچی ناویان لێناوە هونەری کوردی. ئەوە تەنیا قسەی من نییە بەڵکو ڕای زۆربەی زۆری هونەرمەندانی ڕەسەنە.

با ئەو پرسیارە لەخاوەنانی ئەو ناوە بێ ناوەرۆکانە بکەین: ئایا چەند کچە هونەرمەند دانیان بەوەداناوە کە لەلایەن پیاوە بەناو ئازادیخوازو مۆدێرن‌و هونەرمەندو مۆزیك ژەن‌و یەکسانی خوازانەوە ئیستغلال کراون؟ ئایا چەند ژنە هونەرمەند ئەو ڕاستیەیان درکاندووە کە بەرامبەر بەپێدانی پارەو زەوی داوای شتی نابەجێیان لێ کراوە؟ چەند ژنە ڕاگەیاندنکارێك دانیان بەوە داناوە کە لەلایەن پیاوە داکۆکیکارەکانی مافەکانی ئافرەتانەوە دووچاری تەحەڕووشی جنسی بوونەتەوە؟ ئایا ئەوە ئێمەین لەژێر گرتە سێکسیەکاندا ناوی بێژەرو گۆرانی بێژان دەنووسین؟ یان ئەوانەن کە لای ئێوە بەڕۆشنبیرو نوێخواز ناونراون؟

ئەو پەرلەمانتارانەش کە مل بەملی ئەوانە کەوتوونەتە بەرەی دژە میللەت نابێت ئەوەیان لەبیر بچێت کە بەدەنگی ئەو خەڵکە سادەو ساکارە گەیشتونەتە پەرلەمان کە ئێستا لەدژیانا بەرەیان گرتووە، ئەگەر مامۆستایانی ئایینی‌و ئەهلی مزگەوتیش نەبوونایە دڵنیام سندووقەکانی دەنگدان بە خاڵی بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕانەوە، بەڵام ئەوان تەنیا ئەوکاتە میللەتیان لەیادە کە پێویستیان بەدەنگی ئەوان هەیە، دڵنیاشم میللەت ئەوەی لەیاد ناچێت، ئەگەر لەیادیشیان کرد ئەوا دڵنیا بن ئێمە بەبیریان دێنینەوە. زۆرێك لەو بەناو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی کە ناویان لەو گەلەکۆمەگیەدا هاتووە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بە نووسینەکانیان ئەوپەڕی هەوڵیاندا کە خەڵك بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا نەکەن، ئەمەش هەر بۆئەوەی پێگەی کورد لەبەغدا لاواز بکەن‌و نوجێفی‌و موتلەگ‌و جەعفەری‌و سەدرو مالیکی کێشەی کورد تەسلیم بەو وڵاتانە بکەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، کەچی ئێستا پرۆژەی دەمکوت کردنی مامۆستایانی ئایینی‌و بەرتەسك کردنی ئازادی بۆ موسڵمانانی کوردستان پێشکەش بەو پەرلەمانە دەکەن کە لای هەندێ لەو ناوانەوە شەرعیەتی نییە!

تەنیا کەسێك کە کاری تێکردم لەو لیستەدا، هونەرمەند شڤان پەروەر بوو، چونکە تائێستا نەمبیستووە مامۆستاییێکی ئایینی لەدژی ئەو قسەی کردبێت، تەنانەت خۆم بینیومە مامۆستای ئاینی زۆر بەتەمەن لەگەڵ گۆرانیە نەتەوەیەکانی ئەم هونەرمەندەدا بەکوڵ گریاوە. لەچاوپێکەوتنێکیدا لە کوردستان تی ڤی خۆی دانی بەوەدانا کە هونەرو وێژەی کوردی بەهۆی مامۆستایانی ئایینی‌و فەقێکانی نێو حوجرەوە پارێزراوە، کەسانێکیش کە گەورەترین کۆسپیان لەبەردەم هونەرەکەیدا دروست کردبێت، کەسانی سیاسی‌و هونەرمەندو ڕۆشنبیرەکان بوون. بۆیە من بەغەدری دەزانم ئەو وەکو کەسایەتییێکی هونەری خۆی بێنێتە ئاستی هەندێ کەس کە لەو لیستەدا ناویان بە هونەرمەند هاتووە، داواشی لێدەکەم داوای لێبوردن لەخەڵکی کوردستان بکات‌و خۆی لەقەرەی بابەتێك نەدات کە خۆی‌و هونەرەکەی سووك بکات.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەگەر ئەوانە پێیان وابێت ئێمە لە ئیمزاکانیان دەترسێین، ئەوا هەموویان بەقەد بەشدار بوانی نوێژێکی هەینی نابن، ئەگەر پێیان وایە ئێمە لە ناوە بێ ناوەرۆکەکانیان دەترسێین، ئەوا هەزاران دکتورو هونەرمەندو شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیرو دڵسۆزانی ئەم میللەتە بەرگری لە ئایین‌و مزگەوت‌و مامۆستایانی ئایینی دەکەن، ئەگەر لەخەیاڵی ئەوەشدان کە هەموو خەڵکی کوردستانیان بۆ بێدەنگ بکرێت‌و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان بکەونە لێدان‌و سووکایەتی کردن بە ئایین‌و ڕەوشتی کۆمەڵگا، ئەوا دڵنیایان دەکەمەوە کە هەرگیز ئەو ڕۆژە نابینن، مەگەر لەخەوندا، کە مافی خۆیانە.

# بەکێ دەڵێن ڕۆشنبیر؟



مەلا ئەحمەدی قامیشی
a_qamishi@yahoo.com

لەگرفتە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆژگارو سەردەمە.. کە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی سیستمی عەولەمە.. ونبوونی کەسایەتی‌و ناسنامەکەمە، کە لەو میانەیەدا چەمك‌و زاراوەی ڕاست‌و دروست‌و جوان بەکاردێنن بۆ مەبەستی خراپ! یەکێ لەو چەمك‌و زاراوانە کە ستەمی لێکراوە چەمکی ڕۆشنبیرییە، سەرەتا پێناسەی ڕۆشنبیری (culture) دەکەین کە وەك لەڕوکەشی وشەکەدا دیارە واتە: خاوەن بیروباوەڕی ڕۆشن‌و ڕوناك، کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەنی کردارو گوفتارو ڕەوشتی جوان‌و ڕەسەن‌و پەسەن‌و سەرنجام دەبێتە کەسایەتییەکی دەمەزراوو نمونەیی، وە پێچەوانەی ڕۆشنبیر خاوەن بیری تاریك‌و نەفام‌و دواکەوتووە، دیارە سەرچاوەو میتۆدی ڕۆشنبیری ئیسلامی لەزاتی (الله)وەیە (الله نورالسموات والارض) ئەو نورو ڕوناکییەش لە قورئاندایەو لەڕێگەی پێغەمبەرەوە(د.خ) ناردویەتی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەتاریکی نەزانین‌و بێبڕواییەوە ڕزگاربکات بۆ ڕوناکی ئیسلام‌و ئیمان (یخرجهم من الظلمات الی النور). وشەی تاریکییەکانی بەکۆ هێناوەو ڕوناکیش بەتاك، چونکە ڕێبازی تاریکی زۆرن‌و جۆراوجۆرن، بەڵام تاکە بیرو ڕێبازی ڕوناك ئیسلامە کە مرۆڤ دەکاتە ڕۆشنبیر، بۆ زیاتر بەئاگا بوون لەماناو مەبەستی ڕۆشنبیر لەدەرەوەی ئیسلام ئەوەتا زانای بەریتانی (ئەدواربیرنت تایلۆر) لەکتێبی (الثقافة البدائیة)دا ساڵی (١٧٨١)ز دەڵێ: "ڕۆشنبیری ئەو کۆگا گشتگیرەیە کە زانست‌و زانیاری‌و بیرو باوەڕو هونەرو ڕەوشت‌و سەرجەم تواناکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆ" کە ئەوەش لەزانایانی ڕاستەقینەی ئسلامدا بەر جەستە دەبێت، کە بەڕێنماییەکانی پێغەمبەری پێشەوا بانگەشەی ڕەوشتە جوانەکان دەکەن (وخالق الناس بخلق حسنه)، (امام شافعی)(ر.خ) لەپێناسەی ڕۆشنبیرو سەرۆك‌و دەوڵەمەندا فەرمویەتی: (ان الفقیهَ هوالفقیهُ بفعله.. لیس الفقیهُ بنُطقه ومَقاله وکذا الرئیسُ هو الرئیس بخُلقه.. لیس الرئیسُ بقَومَه ورِجاله وکذا الغنیُ هو الغنیُ بحاله.. لیس الغَنیُ بمُلکه ومالَه) واتە: ڕۆشنبیرو تێگەیشتو ئەو کەسەیە کە بەکردەوە تێگەیشتو بێت، نەك تەنها بەقسەو نووسینی ڕوت، وە هەروەها سەرۆکیش دەبێ بەڕەوشتە جوانەکانی سەرکردە بێت نەك بەژمارەی پیاوانی چەکداری، وە دەوڵەمەندیش کەسێکە بەدڵ دەوڵەمەند بێت نەك بەسەروەت‌و سامان، لەدوای شۆڕشی فەرەنسی لەئەوروپاو ڕۆژئاوا توێژێك پەیدابوون کە بەچەمکی ڕۆشنبیری دژایەتی دینی شێواوی کەنیسە یان دەکردو زاراوەی ڕۆشنبیریان بۆ خۆیان قۆرخکرد، ڕۆشنبیرانی لای خۆشمان لەکۆتایی سەدەی بیست وەك بەشێك لە ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات کەوتنە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ڕۆژئاواو زیاتر ئەو چەمکە جوانەیان بۆ مەبەستی خراپ بەکاردێنا! (کلمة الحق یراد بها الباطل) زۆرێك لە موسڵمانانیش فریویان خواردو بەو دروشمانە بازاڕەکەیان گەرمکرد! سەرەنجام کۆمەڵێك بەناو ڕۆشنبیر هاتنە ئاراوە کە ناوی بێناوەڕۆك بوون‌و زیاتر گرنگیاندەدا بەدیکۆر (فۆرمالیزم)و خۆدەرخستن‌و ناوبانگ‌و سەرەت‌و سامان زۆربەیان ڕەسەنایەتیان لەدەست داو لەخزمەت کەلتورو هونەری بێگانەدا بوون! کە ئەمە هەندێ لەتایبەتمەندیەکانیانە:

١- لەقسەکردندا وەك فەلسەفە زاراوەی بێگانە بەکاردێنن‌و شانازی پێوە دەکەن وەك (میتۆدو فاکتەرو میکانیزم‌و ئالیەتی ئەو قەیرانە.. بۆ پراکتیزەی سیستمێکی مۆدێرن کەسانی پرۆفیشناڵ‌و ئیجابی گەرەکە! بەڵێیان okیە!).

٢- لەپۆشینی جلوبەرگ‌و ملیوانەو نینۆکی درێژو هەڵسوکەوتی فول ئەورووپی! (sopar man) جلوبەرگ‌و دابونەریتی باوباپیرانیان بەدواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستی دەزانن! ئەگەر خاوەنی دەیان کتێب‌و بڕوانامەیش بیت بەجلی کوردیەوە هەر بەڕوناکبیرت نازانن!

٣- هەتادوربی لەدین‌و دژایەتی ئاین بکەی ڕۆشنبیرتری بەلایانەوە! دیارە گەر ڕیش‌و سیواك هەڵبگری ئەوە بەلایانەوە زۆر دواکەوتووی‌و جێگەی گومانە!....

ئایا بە چ پێوەرێك ئەو جۆرە بەناو ڕۆشنبییرانە ڕێگە بەخۆیان دەدەن دەست بخەنە ناو کاروباری ئاینەوە؟ پرۆژە پێشکەش بەپەرلەمان بکەن‌و قسەی شەرع بخەنە دەنگ دانەوە! لەکاتێکدا پسپۆڕ نین لەو بوارەدا، ئایا دەگونجێ ئەوانە بکرێنە نوێنەرو نیشانەی گەلێك کە کوردەو موسڵمانە؟ ئەگەر مەبەست لەڕۆشنبیر نووسینی چیرۆك‌و ڕۆمان بێت، ئەوە یەکەم کەس لەکوردستان کە ڕۆمانی نووسیوە مەلای ڕەش بووە لەهەولێر، ئەگەر مەبەست نووسینی پەخشان بێ ئەوە یەکەم کەس کە پەخشانی نووسیوە لەکوردستان شێخ حسینی قازی بووە، گەر مەبەست پێ هونەری شانۆگەری بێت ئەو لەدێرین زەمانەوە فەقێی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان لەڕۆژانی پشویان سێشەمان‌و لەکاتی ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتن دا شانۆگەریان دەکردو ئامادەبووانیان دەخستە پێکەنین، ئەگەر مەبەستیان شیعرو هۆنراوە بێت ئەوە هەموو ئەو ڕاستیە دەزانین کە قوتابخانەی شیعرو ئەدەبی کوردی دەرچووی مزگەوتەکان بوون دەیانی وەك نالی‌و مەحوی‌و مەولەوی‌و مەلای جزیریمان هەیە کە ئەدیبانی سەردەم بەردەوام لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانیان دەکەن، هەیانە بە سێ چوار زمان شیعری نووسیوە بەتایبەت فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی، جگە لەدەیان نووسەرو شاعیرو زانای وەك مامۆستا مەلا عبدالکریم مدرس‌و مەلا جامی‌و مەلا عبدالله ی قامیشی‌و مەلای گەورەی کۆیە...، ئیتر چ بوارێك ماوەتەوە کە زانایانی ئاینی ڕۆڵی سەرەکیان تێدا نەدیبێت؟ کەواتە ئەگەر بەویژدانەوە بدوێین زانای ئاینی ڕاستەقینەو دڵسۆز بنەمای ڕۆشنبیری گشتیەو پاشان ئەو بەڕێزانەی تر کە ڕەسەنایەتی گەلەکەیان پاراستووەو شایستەی ئەو پلەو پایەن کە پێیان بگوترێ ڕۆشنبیر، دیارە بوارەکانی ڕۆشنبیری هەمەلایەنە، ڕۆشنبیری ئاینی زیاتر تایبەتمەندی زانایانی ئاینیە، وەڕۆشنبیری گشتی بەسەرجەم بەشەکانییەوە گەنجان هەر کەسە لەبواری پسپۆڕی خۆیدا پێوە سەرقاڵە، گرنگ ئەوەیە ئەو هونەرە ڕاست‌و ڕەسەن بێت‌و لەخزمەت ڕەوشت‌و ڕێبازو بەرژەوەندی گشتی گەلەکەماندا بێت، بۆ چارەسەر بێت نەك کێشەو قەیران‌و پشێوی بنێتەوە.

# بۆچی ئافرەتان‌و ڕۆشنبیران لەپێگەی زانایانی ئاینی دەترسن

## مەلا مەقسود کەوەرتی

دەمەوێت بڵێم تەنیا لەبەر ئەوەی زانایانی ئاینی خزمەت بە ئاین‌و گەل‌و نیشتمان‌و وڵاتەکەیان دەکەن، وە تەنیا لەبەر ئەوەی زانایانی ئاینی پارێزەری شەرەف‌و کەرامەتی میللەتی خۆیانن، وە یان لەبەر ئەوەی زانایانی ئاینی ڕێگرن لەوەی کە کەسانی خراپ بواریان نەبێت خراپەی فیکری‌و کردەیی خۆیان بەسەر میللەت فەرز بکەن، وە یان لەبەر ئەوەی زانایانی ئاینی ڕووی ئامۆژگاریەکانیان دەکەنە بەرپرس‌و دەسەڵات دارانی وڵاتەکەیان کە دڵسۆزو وەفادارو خزمەتکاربن بە میللەت‌و خورەوشتە بەرزەکانی، وەتەنیا لەبەر ئەوەی کە هەولی ئەوە دەدەن کە میللەت وەفادار بێت بە کەلتوری رەسەنی خۆیی‌و بەخاکی خۆی پشت لە جلوبەرگ‌و شتە رەسەنەکانی خۆی نەکات زوو بە چەپلەی خەڵکی هەلنەپەرێت‌و چاو لە خەڵکی بێگانە نەکات.

دیارە ئەمانە هۆکارەکانن بۆیە دەبینین هەندێك لە رۆشەنبیران‌و ئافرەتان لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان باس لەزانایانی ئاینی دەکەن هەندێکیش ڕێپێوان سازدەکەن بەجۆرێك کە ئەوان مەترسیان زۆرە لە بەهێزبوونی رۆلی زانایانی ئاینی لەهەرێمی کوردستان هەر ئەوەش وای کردووە کە واژوو کۆبکەنەوە داوا لە پەرلەمان بکەن وتاری هەینی سنوردار بکەن (کلا انها کلمة هو قائلها) خۆ ئەگەر پرسیار لەم بەڕێزانە بکرێت ئایا ئێوە لەگەل دیموکراسیەت دان بێگومان دەڵێن ئەگەر ئێمە دیمکوراسی نەبین کەسی تر نییە بۆیە دەڵێم ئەم دیموکراسیەتە لە کوێیە کە هەموو شتێك لە رۆژنامەو گۆڤارو نووسەرو رۆشنبیرو کەناڵەکان ئەمانە هەموویان بێ سنورو ژمارە هەبن زۆری ئەمانەش زەرەرو زیان بە ئابوری وڵاتەکەمان دەگەینێت، بەڵام بۆ دەبێ تەنیا وتاری هەینی کەم بکرێتەوە بێگومان ئەگەر ئەم داواکاریە ببنە لای دیموکراسیەتیش هەتا پێی دیشی لەبەری هەلدێت کەواتە چاکتر وایە لە داواکەتان پاشگەز ببنەوە تاکو دیموکراسیەتیش لێتان تورە نەبووە خۆ ئەگەر بلێین ئێمە لەوە دەترسین زانایانی ئاینی دەسەڵات وەربگرن ناتوانن وڵات بەرێوە ببەن.

دەڵێین مێژووی نزیك وەبیرە خۆتان بهێننەوە کە هەلگیرسێنەری شۆرشەکانی گەلەکەمان زانای ئاینی دەرچووی حوجرەو مزگەوت بون تاکو میللەتیان بەم رۆژە روناکە گەیاند وە دەبێ بزانن خەبات‌و قسە کردن لەسەر وەدەست هێنانی میللەت لەکاتی هێمنی دا زۆر جیاوازن لەگەڵ خەباتن‌و قسە کردن لەکاتی تەنگانەدا چونکە ئەم کاتە بیرو باوەڕو خۆ راگری دەوێت ئەمەش لەلای زانایانی ئاینی دەست دەکەوێت وە ئەگەر تەماشای وڵاتی دراوسێمان بکەن کە ئێرانە ئەوکاتەش ئەو مەترسیەتان لەلا نامێنێ کە دەبینن ئەوەتا رابەری روحیان زانایەکی ئاینیە لەگەل ئەوەشدا لە زۆر رووەوە پێشکەوتوون‌و دەوڵەتانی زلهێزی دونیا نازانن چۆن زەفەریان پێببەن زانایانی ئێمەش هیچیان لە زانایانی خەلکی تر کەمتر نییە دەبێ ئەم راستیەش بزانن کە زانایانی ئێمە ئەگەر بواریان بۆ برەخسێت زۆر دڵسۆزانەو خەمخۆرانە بۆ خاك‌و میللەتیان تێدەکۆشن‌و دێنە قسەکردن لە کاتی هەر سەردانێکیان وەك وشاند بۆ دەرەوەی وڵات بۆ نمونە ساڵی (٢٠٠٩) لەگەل چەند نوسەرو رۆشەنبیرێك سەردانی وڵاتی ئێرانمان کرد یەکێك لەبەرپرسە باڵاکانی ئەم وڵاتە قسەی بۆ کردین باسی لە ئیسرائیل‌و وجودی لەکوردستان کرد یەکێك لە مامۆستایانی ئاینی بەڕێز م.مەلا حسن قادیانەیی زۆر بوێرانە گوتی: بۆ دەبێ بەس باس لە کوردستان بکرێ ئەوەتا لەوڵاتە عەرەبییە ئیسلامییەکان نەك هەر وجودیان هەیە بەڵکو ئاڵایەکشیان بەرزکردۆتەوە یەکێکی تر خەمخۆری خۆی بۆ وڵاتەکەی نیشان داو گوتی پێویستە ئێران دراوسێیەکی چاك بێ لەگەڵ میللەتی کوردو مافی دراوسێیەتی بەکاربێنێ تاکو ئەم دەردەسەری‌و نەهامتییەی بەسەرمان هاتووە نەبینینەوە ئەم رۆشنبیرە بەڕێزانەی لەگەڵماندا بوون گوتیان حەقە حکومەتی هەرێمتان زانایانی ئاینی بۆ وڵاتان بنێرن چونکە بەڕاستی خەمخۆری وڵاتەکەتانن.

لەکۆتاییدا دەڵێم رۆشەنبیران ئافرەتان پێویست ناکات مەترسیتان هەبێت ئەگەر دەتان هەوێ وەك زانایانی ئاینی پێگەتان هەبێ فەرموون ئەوە ئێمە لەکارە چاکەکان داوای دەکەین ئێوەش داوای بکەن پێگەتان دەبێت وە مەترسیشتان نامێنێت.